www.kurdistannet.org
8-9-02 01:05:29

# له حه‌ژمه‌تی سه‌رابستانی هه‌نده‌رانا
# هانا بۆ كه‌ركووكێكی ئازاد ئه‌به‌م

**حه‌مه‌ی ئه‌حمه‌د ڕه‌سوولْ // هۆڵه‌ند**

پێشكه‌شه به‌وڕۆژه نزیكه‌ی – كه‌ركوك – ئازاد ئه‌بێ و هه‌ر لێره‌وه به پێ به‌ره‌و ڕووی ئه‌چمه‌وه و. . ئیدی هه‌موو باوه‌ش به كوردستانێكی گه‌وره‌دا ئه‌كه‌ینه‌وه !

---

لێره ( * ) له باوه‌شی نه‌رمی هه‌نده‌رانا
خه‌ونی ڕه‌ق و تاڵی شه‌وانه
وه‌ك شه‌مه‌نده‌فه‌ری سه‌فه‌رێ ، سه‌فه‌ری به‌دبه‌ختیی ،
سه‌فه‌ری ووندابی و خه‌مساردی و ته‌نیابی و عه‌ده‌م. .
بێهه‌دادان ، سه‌فه‌رێكی سه‌رمه‌دیی ؛هه‌رده‌م و بێوچان ؛
به ووزه‌ی خوێنی سپی ، خوێنی سوور ، خوێنی ئه‌سمه‌ر ، كه‌وتۆته گه‌ڕ ؛
خوێنێ ، نه ویژدان و نه ئه‌وین و نه‌دڵنه‌وابی و
نه سۆز و نه مۆراڵ و نه به‌ڵێن و نه سه‌رفرازیی تیا نه‌ماوه . .
خوێنێكه ، مه‌یبو . . خوێنێكه ، سارده و له به‌فر كه‌سیره‌تر . .
سه‌فه‌رێكه به‌ره‌و به‌سته‌ڵانی عه‌ده‌م. .
سه‌وداو سه‌فه‌رێكن به‌ره‌و ئومێدی ڕه‌ش. . ! !
لێره‌ش ( * * ) :
ژیان. . . ئه‌وین. . . خه‌ون. . . ئه‌مڕۆ و ئاینده :

" " زۆر و زۆری تریش له‌و ووته‌زا و چه‌مكه سه‌له‌فییانه‌ی
كه هه‌ر له ولاتی عه‌شق و باران و ماچ و سه‌رگووزه‌شته
به‌تامه‌كانی به‌ر ئاگردانی مێژووی پاڵه‌وانێتی و
گرێدراو به نووشستی و نسكۆی گه‌وره و گه‌وره . .
كه زۆر به سانایی مرۆ و ولات و مێژوو ،
به ناخی نه‌فره‌ت و دۆزه‌خی تاراوگه دا ده‌با . .
ته‌سلیم به ئه‌هریمه‌نی كۆچ و تاراوگه‌ستانی ده‌كا . . . ! " "

له‌وێش ( * * ) :
شه‌مه‌نده‌فه‌ری ژیان و كاره‌ساتی دونیا ، هێند شه‌كه‌ت و ماندووه
له پێده‌شتی سه‌رابستانی سه‌رگه‌ردانی و مه‌تاهه‌تدا ،
وێستگه‌ی وه‌ستانی بۆ نییه . .

www.kurdistannet.org
8-9-02 01:05:29

سەفەرێکە بەرەو نێو تونێلی بەهەشتی مردنێکی چاوڕەش !

* لێرە :

ڕەوە هەوری بێئومێدی کۆچدەکەن و

بە نێو جامی شەرابی ڕۆحدا دەبارێن . .

لاوەکانی ئەم گووزەرە ووندایەش بێووچان نوغرۆی نێو عەزیای

دیسکۆتێک و شەلاڵی لێستنەوەی قوول و قاچی سۆزانییە دوڕاوەکانی

چەرخی ئەودیوی پاش مۆدێرنێتە و پۆست کاپیتاڵێتە و قوڕ و لیتەی هەندەرانێکی لە

سەراب سەرابترن ، لە تاراوگە تاراوگەترن و ،

لە بزرستان ووندا ترن . . !

لاوان ؛ بە گەنج و کیژۆڵەیانەوە . .

دوورەوڵات بە ژن و پیاویانەوە ؛

خەستەی نێو لێرەوار و کووچە و کۆلانی بێدەنگ و کەڕ و لاڵی

ئائەم بە هەشتە خەمسار و دلکرمێیەن . . !

تۆ بڕوانە ؛ ئا ئەم بەهەشتە ؛

دار و بەرد و هەرد و دەشتی هێندە سەوزە

دڵی نەما ، ڕۆحی نەما ، دەروونی نەما " " بێجگە لە نەفام و گەمژە و

هەرزەکارە — بەسالاچووەکان . . . ئەوانەی بۆ ماچێ ، زێد دەفرۆشن ! ! " "

دڵ و ڕۆح و دەروونیان نەبێتە دارستانی لە قەوزە . . ! !

مردنیش لێرە بەهارێکی سەوزە ! ! !

لەوێ ( * * ) : بارانی سوور ،

نا . . وەرزی ئەبەدیی قات و قڕیی و بێ بارانیی

باخچەی شایی و هەڵپەڕکێیە

لێرەش ( * ) : لەنێو مەرقەد و پیرۆزیی هەندەرانا

ڕۆحی شینبووی سەرئاوکەوتوو ، گێنگڵدەدا . .

لەوێ :

پێڵووی گەردونی بێدەنگی

بیلبیلەی نابینا ، هەنگاوی شەپۆلە خەساوەکان

بەفرانباری وەرزی ئاوز . . . . خەڵتانی دەمی ژیلەمۆی دەنگە ! !

* لێرەش : پەتارەشکەی حەیرانی " " با " "

گیانەلای ئاو . . . . شەختەبەندی بیرکردنەوە

بوونە تەکۆت و دەستەمۆی ،

دەست بێ غیرەتی و ناپیاوی نەعرەتەی تاراوگە !

لەویش ( * * ) : بەمناوەختە و لە کۆتایی دووهەزارا . .

ئەو دووهەزارەی کە گوایە ؛ سەدەی مرۆڤدۆستی و هەزارەی هیومانیتیستیە ؛

www.kurdistannet.org
8-9-02 01:05:29

زارۆکێ، دووان، سییان، دەیان وهەزاران لە زارۆکان <<شەهیدی دوور و نزیکی ئایندەی>> دیرۆکی گەرمیان و باباگوڕ گوڕن. . . !
شەهیدی دوور و زۆر نزیکی مێژووی نەنووسراوەی جوگرافیایەکی ووندان. . !
زارۆکانی نێو تەلبەندی جوگرافیا و قوربانیی پۆلێتیکی دووفاقە و سێ فاقەی ڕۆژهەلاتی نێوەند
ئەمرۆکە لە کەرکووك و تازە و حەمرین و شوان و تالەبان و کفری و شارەبان و خانەقین و بەدرە و
گەلێکیدی. . دیییییییی. . . . . .
کە ئاخ زۆریانم بیرچوونەتەوە. . ئا ئەمێستا منالان لەوێ و لەوێ و لەوێ
لە جیاتی مالەباجێنە و هەلماقۆ و تۆپێن و یاریەکانی دیکەی منالانی هەندەران. . .
ئەفسووس و هەزار جاران ئەفسووس،
ئا ئێستاکە ڕۆحی شەلالی نێو گیانەلا. . ڕۆحی سووتاوی منالە چاوپەرییەکان
ئەمێستاکە وهەموو دەمێ وەکو مزراح
بەدەم ئازار و زیکری سەمفۆنیای شێرپەنجەوە
ئا. . ئا. . وەکو مزراح، بیستو چوار کاژێرە دەخولێتەوە !
* + *
لێرە :
بیرەوەری برینێکە و دەکولێتەوە
لەوێش: لە پێدەشتی سووتان و مەرگی ولاتی کولۆنیالیی باباگوڕ گوڕدا
زایەلەی مێژوویەکی هێمن و دێرین. . بە گوێی خەونی بزر کاوا. . .
ئەمێستاش دەزرینگێتەوە !
* * *
هەنووکە لەوێ،
لەنێو دیرۆکی تراژیدیای زۆرانبازی قەدەر و مردندا،
باخچە سووتاوەکانی بەرنساری <<کێوی حەمرین>>
دارگوێزە نەزۆکەکان. . دارهەنارە گول مردووەکان. .
دار پرتەقالە دەروون تاساو و شەلال لە حەسرەتی تەنیاییدا. .
گولالەی دلۆرپووی بێ بەهار، بێ نەورۆز، بێ ناز و هەردەم کەساس. .
هەناسەی تەنگی بارهەلگرە شەروال لە پێکان. .
کولمی خۆر بردووی کیژۆلە چاو زەردە -عەلاگە- فرۆشەکان. .
ئاخ هەلگێشانی پیر -گەنجە
ڕیش قەلەمییە سیغارکێشە بێهەناو و بێهیواکان. .
سووتانی ڕۆژانەی درەختی ژیان. . .
سەفەری مرۆ و ئاژەل و بالندە و دار و بەرد و دەریا و ئاگر. . .
سەفەری بێوادە و سەرمەدیی و ئەزەلیی هەموو بوونەوەر و مێروو و مەگەزێ. .
سەفەری خەیال و ئەوین و ویژدان و خاك و زێد،
سەفەری ئەم و ئەو و ئەو و ئەو وووو. . . .

سەفەری هەموو تارمایی و وەهم و ڕۆحە سیخناخ
لە پەژارەیی و ئەشکەنجە و دەرد و مەینەتی
دوکەڵی دەمبەهاواری سەر لە ئێواران
نرکە نرکی چۆلەکە و کوکوختێ دەم کازیوە و بەرەبەیان
- ئا لەوێدا :
لەژێر ساباتی هەورو تەمێکی سەرمەدیدا . .
تاڤگەی گڕی باباگوڕ گوڕ ، هێند بە قەڵبەزە و
کەڵەگەت و زراف ، بڵند و بەرزە . .
چەشنی خوری ڕۆژهەڵاتی دێرین
وا بەسەر دەمکەلی بێئومێدی گەردوونەوە و
لەم دوورەوە ، ئا لەم ئاقارەی دونیاوە . .
ئێمەش دەستەوئەژنۆ ، تێیدە ڕوانین !
***
لەبەر دەرکی قەڵای داڕوخاو و
لەژێر منارە کەللە پەڕیوەکەی - ڕەحیماوا —وە
لە هەناوی چۆڵی گاورباغی و
لە تەك گاشەبەردێکی کێوی حەمرینەوە . . .
لەبن ئاسمانی چڵکنی ئەو دووکەڵە ئاووسە ژانگرتووەدا . .
پەرە زەردەکانی فەرهەنگی دیرۆکە
خووساوەکەی نێو وڵاتی –ئاڵتوونی ڕەش–
وا بەدەم ڕەشەبا و باوو بۆرانەوە
یا بەدەم ڕێژنەی خەمسارد و سەرخۆشەوە ، دەشەکێنەوە !
هەردەم وهەمیشە و ، ئەمێستاکەش ، دەشەکێتەوە !!!!
گریانی سەرمەدیی "کەرکوك وحەمرین" ، ئێلێج بە گشت دونیا دەدا
تەنها ئێمە نەبین . . . . !!!!
گریانی سەرمەدیی کۆڵانە وێرانەکانی " شۆڕیجە و گاورباغی و ڕەحیماوە "
خەندەی سەرلێوی
دانسقە و زۆر دەگمەنی _ جەللادەکانیش – دەکوژێنێتەوە ،
تەنها ئێمە نەبین . . . . . !!!!!!
نووسراوەکانی نێو فەرهەنگەکە :
سەرئاو دەکەوتن و بەدەم شەپۆلەوە . .
سروودی جوگرافیای ئاگر و سووتانیان دەووتەوە . . . !
تەنها ئێمە نەبین ؛ هەموو دونیا ، ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا ، بۆ ئێمە دەگرین !!
تەنها ئێمە نەبین !!!؟؟؟



www.kurdistannet.org

www.kurdistannet.org
8-9-02 01:05:29

***

له لاپه‌ڕه زه‌رده‌كانا . . ئه‌م وێنانه‌ش هه‌ڵكۆڵرابوون :
– گرمه‌ گرمی عه‌ده‌م و ڕۆح
– گمه‌ گم و كوو كوو كووی كۆتر و كوو كوو ختییه‌ –ته‌عریبكراوه‌كان
– بۆ كڕووزی داربه‌ڕوویه‌كی له‌ كۆچڕه‌و به‌جێماو
– بریقه‌ی چاوی تارماییه‌ ده‌مامكداره‌كان
– لاوێكی كه‌نه‌فت و دڵشكاو به‌ سه‌فه‌ری هه‌نده‌رانی شووم
له‌ گۆشه‌یه‌كی ژووری نووستنه‌كه‌یدا ،
قه‌ناره‌یه‌كی سه‌وز داده‌مه‌زرێنێ . .
– سێبه‌ری كاژی فڕێدراوی مارێكی په‌پكه‌ خواردوو
وا له‌ ژێر دره‌ختێكا پاڵكه‌وتووه‌ . .
كه‌ به‌ خوێنی ساردی ( براكوژی ) ئاودراوه‌ . . . . !
– كۆیله‌ ئاشقه‌كان ،
به‌ ده‌م ئازاره‌وه‌ و پاش وه‌رگرتنی بڕوانامه‌ی زانكۆیی
. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .یه‌كدی ماچده‌كه‌ن !
– كیژۆڵه‌یه‌كی سۆزانی ی زه‌نگین :
مۆزه‌كانی دوێنێ فڕێده‌داته‌ كه‌لاوه‌كه‌ی پشتیانه‌وه‌ !
– خۆڵه‌مێشی تاوانێكی ئاووس به‌ كۆرپه‌له‌یه‌كی ڕیشدار . .

---

- - ته‌فروتوونای هێلوونی ( * ) پیره‌ له‌قله‌ق و هاوسه‌ره‌كه‌ی

---

له‌ جێشوندا ، فرعه‌ونه‌ داك سۆزانیه‌كه‌ی به‌غدا . .
ڤێلایه‌كی سیرامیكی ،
بۆ قه‌له‌ڕه‌شێكی عه‌گالبه‌سه‌ر چێكرد . . !
هه‌ربۆیه‌شه‌ قه‌لاَو پردێ ،
هه‌تا ئه‌مڕۆش ده‌گریه‌ن و پشتیان له‌ باكوور كرد . . . . !
* له‌ دووا لاپه‌ڕه‌ی فه‌رهه‌نگی چاو زه‌رد دا ،
ده‌مه‌ته‌قێی پادشایه‌ك و شاژنه‌كه‌ی ئاوا ده‌دوان :
– بۆوه‌ی شێوه‌ی ڕه‌های خۆم ببینم ،
سیمای ڕاسته‌قینه‌ی خۆتم نیشانده‌
– >>من تۆم و تۆش منیت !
بۆوه‌ی بوونی خۆم پیاده‌كه‌م
پێویسته‌ بمه‌ تۆ . . تۆش ببیه‌ من

www.kurdistannet.org
8-9-02 01:05:29

ئێمەش ببینە ئەوان. . ئەوانیش ، ئێمە
ئێمەش خۆیان و. . ئەوانیش خۆمان. .
خۆمانیش ، خۆیان. . خۆیانیش ، خۆمان. !
بەلاّم ئێمە ئەفسووس !خۆمان نابینە خۆیان
خۆمان ، هەرگیز نابینە ئەوان. . !!!!>> ( * * )
+ کەرخەون و هیوای تۆزاوی
باباگوڕ گوڕ نەیەتەدی . .
هەمیشە و هەرگیز دەکەوینە خواریٚ
وەك ئاوێنە شکاوەکانی نێو دیوانسەرای قەلاّی دمدم و
خەونە زیندەبەچالّەکانی شێخ سەعیدی پیران . . . !
وەك چل چرای تاریك و کوژاوەی ، کۆشك و تەلاری
بیٚ سەروشوێنی ئەردەلاّن و بابانیەکان ،
هەرگیزاوهەرگیزهەر دەکەوینە خواریٚ . . . . !

هاوینی ١٩٩٩ – ٢٠٠٢
هۆلّەند

( * ) هێلوون ؛ هێلانە .

( * * ) ئەم گفتووگۆیە ، زۆر لە شێوەی وڕێنە – سەفستە ی فەلسەفیی _ ڕژێمە دیکتاتۆرەکان دەچیٚ . . . . ! ! کە دەیانەویٚ هەموو میللەت وەکو –کۆپی مرۆیی / استنساخ بشریی / سەرکردە دیکتاتۆر و تۆتالیتاریەکان لیٚبکەن، منیش لە شێوەی گالّتەجاڕ بەکارمهیٚناوە . . . !!!

* * * ئەمهۆنراوەیە لەژێر کاریگەری خەونێکدا نووسراوە ،
کە لە شیرینی خەودا ڕاپەڕاندم و سەراپا ڕۆژگاری منالّیم کەوتەوە خولیا . .
بەوهیوایەی کەرکوك / یان / باباگوڕ گوڕ ، هەمیشە لە خولیادا بیٚ. ح.ا.ڕ.

سەرنج / / پێدەچیٚ ئەم شیعرە ، کۆپلەیەك بیٚ لە بالاّدە شیعریٚ ، کە ڕەشنووسەکەی لە سەر لاپەڕەکانی دلّ و هۆشما نووسراوەتەوە و ئەمەش گفتێکە لەگەلّ ئەو شارەدا کە تیا لەدایکبووم و
ڕژێمی دیکتاتۆر نەیهێشت گەمە و یاریە منالّیەکانمی تیادا بکەم و هەر لە مێژووە ناموّی نێوی
زێد و ولاّتەکەی خۆمی کردم. . ! ! قەرزیش کۆن ئەبیٚ و نافەوتیٚ . . !!!

---